**عەلوانی ئەلموغەیەب» سەرنووسەری «رۆز یوسف» لە میسر بۆ گوڵان:**

# دەوڵەتانی عەرەب چەند رۆڵیان لە فەلەستین هەبوو، هەر ئەوەندەش لە عێراقدا دەیانبێت



**تیروانینی رۆژنامەنووس و دەستەبژێری رۆشنبیری عەرەب بەرامبەر کێشەی عێراق و مەسەلەی کورد جیا لەوەی گرنگە لە هەمانکاتدا پێداویستییەکە، کە دەبێ بەردەوامی پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی تەفەهومی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی عەرەب بەرامبەر بە مەسەلەی عێراق و کێشەی کورد بەشێوەیەکی گشتی، مەسەلەیەکی زێدە پێویستە.**

**بەرێز عەلوانی ئەلموغەیەب کە یەکێکە لە رۆشنبیر و رۆژنامەنووسە دیارکانی عەرەب، بە دیدێکی واقعیيانە سەیری مەسەلەکان دەکات.**

**گولان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی عێراق و کوردستان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکردو چەند پرسێکی ئاراستەکرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### ئاژاوەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان

ئەو باردۆخە ئاڵۆزەی کە ئێستا لە عێراق دەبینرێت و بۆتە شەڕێکی مەزهەبی خوێناوی لە نێوان عەرەبی شیعە و سونە، گەلێک لە چاودێرانی عەرەب هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای جیابوونەوە و پەیدابوونی شیعە و سونە لە ئیسلامدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێکیش پێیان وایە عەرەبی شیعە و سونەی عێراق هەرگیز نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی کە ئێستە شەڕی نێوان دوو مەزهەب بەڵام رۆژنامەنووس عەلوانی موغەیەب مەسەلەکە دەباتەوە زۆر پێشتر و پێی وایە ئەم مەسەلەیە سروشتی خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە لە مبارەوە دەڵێت:

«عێراق لە سەردەمی کۆن ونوێووە بەم مەسەلەیە ئاشنایە و میراتگری سروشتی ئەو زنجیرە حوکمڕانییە کە لە دۆڵی ڕافیدەینەوە لە دایک بوون، قۆناغی یەکەمی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ «٢٥٠٠» ساڵ پێش ئێستاو سەردەمی سۆمەرییەکان کەئەم ئیمپڕاتۆرییەتە عێرقی ئێستا و سوریای دەگرتەوە، هەروەها چەندین وێستگەی دیکەش لە مێژووی عێراقدا هەیە کە تا ئێستاش کاریگەری لەسەر عێراق هەرماوە لەوانە هاتنی ئیسلام ئەو گۆڕانکارییە ترسناکەی بەسەر ئیسلامدا هات کە بووە سونە و شیعە و کەسێتیکی تازەی دایە عێراق بەتایبەتی کە زۆربەی شیعە لە عێراقدا کۆبوونەوە.

ئەگەر لە دەوڵەتی هاوچەرخی عێراقدا رەگو ریشەی سۆمەر و ئەکەد و بابل و عێراقی یاخیبوو لەسەر معاوییە و خەلافەتی عەباسی بدۆزینە ئەوا لەبەرامبەردا و لە مێژووی عێراقدا پشتگیری لە بۆچوونی عێراقێکی دابەشکراویش هەیە.

لەسەردەمی فەتحی ئیسلامدا دەوڵەتە ئەخمینییەکان لە عێراقدا هەبووە،

**ئیدارەی ئەمەریکی نەیتوانیوە لەسەر ئەرزی واقیع بەڵگەیەک بەتایبەتی لە چەسپاندنی ئاسایش و حوکمڕانی بخاتەڕوو، بەڵکو ئەو ئاگرێکی هەڵگیرساندووە خەریکە خۆشی پێوەی دەسووتێت**

هەروەها دەوڵەتی شیعە لە کوفە و دەوڵەتی زەنکییەکان لە موسڵ.

عێراق لە زۆر قۆناغدا و لەو کاتانەی بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتێکی فراوانیش بەدەست ئەم حاڵەتەوە ناڵاندوویەتی، هەر بۆیە تایبەتمەندی عێراق جیاوازە و هەربۆیە ئەم بارودۆخەی عێراق جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەوجا عێراق یەکپارچە بێت یان دابەشکراوبێت.

بوونی عێراق بەشێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوویان چەند دەوڵەتێکی بچکۆلە پێویست نییە عێراق بەوشێوەیە بێت.

عێراقی نوێ بەتایبەتی دوای ڕووخانی دیکتاتۆر دەبێ عێراقێکی فرەیی دیموکراسی بێت و بەم شێوەیە حوکمڕانی بکرێت دەبێ دەست بکات بە بونیادنانەوە و دوور بکەوێتەوە لە هەموو ئەو رەفتارانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە گەلانی عێراق پێشتر قوربانی دەستی دیکتاتۆری و سەرکەوتکاری بوون، واتەیە جارێکی دیکە بینەوە رژێمێکی ئایینی و پیاوانی ئایینی ببنەوە و دەسەڵاتدار و داوا لەگەلانی عێراق بکەن کوێرانە ملکەچی فەرمانەکانیان بن.

لەبەرامبەردا کۆمەڵێکی دیکەی ڕادیکالی وئوسوڵی دەرکەوتوون لە ناو کۆمەڵگەی عێراقدا کە شانازی و شکۆی خۆیان لەسەر کوشش و کاولکاری و ترساندنی بونیاد دەنێن بوونی ئەمەریکایان لە عێراقدا ئیستغلال کردووە، ئەم حاڵەتەش لە هەردوولاوە عێراقی بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی بردووە، ئەم سیستەمەش مەترسی لە ڕژێمە دیکتاتۆریەکەی پێشوو کەمتر نابن.

لەم حاڵەتەشدا بێگومان هەموو هاوسێکانی عێراق بەشێوەیەکی ئیجابی یان سلبی کاریگەری ئەم بارودۆخەی عێراقیان لەسەر دەبێت، هەروەها دەبێتە ئاڵۆزی سیاسی لە دەوڵەتانی کەنداویش.

**سەرنەکەوتن لە عێراق شکستە لەبەرامبەر تیرۆریستان**

سەرنەکەوتنی ئەمەریکا لە عێراقدا مەسەلەیەکە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم سەرنەکەوتنە لەسەر شەڕی دژە تیرۆر مەسەلەیەکی دیکەیە، هەر بۆیە شکستی عێراق بە سەرکەوتنی تیرۆریستان دەخوێنرێتەوە، لەمبارەوە عەلوانی گوتی:

« ڕاستە ئیدارەی ئەمەریکی نەیتوانیوە لەسەر ئەرزی واقیع بەڵگەیەک بەتایبەتی لە چەسپاندنی ئاسایش و حوکمڕانی بخاتەڕوو، بەڵکو ئەو ئاگرێکی هەڵگیرساندووە خەریکە خۆشی پێوەی دەسووتێت وئێستا هەموو تواناى خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئاکامێکی نەبووە، هەر بۆیە دیموکراتەکان کە ئێستا باڵادەستن لە کۆنگرێس داوا دەکەن کە بوش خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دابنێت.

لەم راستەوە بوش پێی وایە کشانەوە واتە شکست لە عێراق و شکست لەبەرامبەر تیرۆریستان، هەر بۆیە ئیدارەی ئەمەریکی دەیەوێت خۆی لەم شکستە دووربخاتەوە و هەژموونی خۆی وەک دەوڵەتێکی سوپەر پاوەر بپارێزێت.

ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە پێش سەقامگیری بارودۆخەکە ئەمەریکا بکشێتەوە ئەوا بارودۆخەکە زۆر ترسناک دەبێت، بۆیە دەبێ ئێستا چاوەڕێی ئەو پرۆسەیە بکەین کە لە بەغدا بەڕێوەدەچێت، ئەگەر ئەو پرۆسەیە شکستی هێنا ، حەتمەن ئیدارەی بوش شکست دێنێ و ئەوکاتەش توندوتیژی زیاتر دەبێت.

**ئێران و ئەمەریکا**

هەڵکشانی تەنگژە و ئاڵۆزی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران، بە مەترسییەک بۆ سەرانسەری ناوچەکە دەزانرێت، لەبەر ئەوەی ئێرانیش خۆی بەخاوەنی نفوز و یاریزانێکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێ، دەربارەی ئەگەری لێدانی گورزێک لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ئێران، عەلوان موغەیەب گوتی:

«بە حوکمی پێگەی جوگرافی ئێران، ئەوا بەرەو پێشەوە چوون و کاریگەرییەکان لە ناوچەکە چوونە ناو بوارە ژیارییەکانی ئێرانەوە، هەربۆیە تاران بەشێوەیەکی تەلقائی بۆتە بەشێک لەو گۆڕانکاریانەی ناوچەکە، لە دوای «١١»ی سێپتەمبەرەوە سورە لەسەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆ



**دەبێ ئێستا چاوەڕێی ئەو پرۆسەیە بکەین کە لە بەغدا بەڕێوەدەچێت، ئەگەر ئەو پرۆسەیە شکستی هێنا، حەتمەن ئیدارەی بوش شکست دێنێ و ئەوکاتەش توندوتیژی زیاتر دەبێت**



ڕووبەڕووی ئەمەریکا نەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری ئێرانییەکاندا هەبووە.

لە ڕاستیدا تەنگژەی ئەتۆمی ئێرانیش، یەکەمین ئەزموونی گوشار نییە بەڵکو بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو ئەمەریکا ڕەخنە توندی ڕووبەڕووی ئێران کردۆتەوە و بەوە تاوانباری کردووە کە هەوڵ بۆ پەیداکردنی چەکی کۆکوژو ئەتۆمی دەدات، ئەم گوشارانەش زیاتر بوون کاتێک توانای چەکداری ئێران زیاتر بووبێت بەتایبەتی کە بووە خاوەنی ڕۆکێتی «شەهاب».

نیگەرانی ئێستای ئەمەریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە توانا ئەتۆمییەکەی ئێران نییە، بەڵکو نیگەرانیان سەبارەت بە هەموو تواناکانی ئێرانە لەسەر هەموو ئاستەکان لەم حاڵەتەدا ئێران هەڕەشەیەکی سەربازییە بۆ سەر ئەمەریکا و ئیسرائیل، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران؟

ئەگەر بە ووردی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و هۆکارە ئاڵۆزوتێک ئاڵاوەکان لەبەرچاو بگرین بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی ئەمەریکا تێیکەوتووە لە عێراق و سەرنەکەوتنی لەبەرامبەر تالیبان و بن لادن لە ئەفغانستان، بۆیە دەبێتە مەسەلەیەکی ئاڵۆز و زەحمەت ئەمەریکا هەنگاوی لەمجۆرە لەم بارودۆخەدا هەڵبگرێت، لێرەدا دەکرێت پرسیارێکی دیکە بکەین ئایا ئەمەریکا هەر دەستەوەستان دەبێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین هەندێک ئاماژە هەن بەتایبەتی ئەوەی لەم چەند ڕۆژەدا لە ڕاپۆرتەکەی سیمۆن هێرشدا بڵاوکراوەتەوە و تیایدا هاتووە نفوزی ئێران هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ نفوزی ئەمەریکی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بۆیە ئەمەریکا ستراتیژییەکی دارشتووە بۆ ئەوەی گورزێک لە ئێران بوەشێنێت.

**تورکیا و هەرێمی کوردستان**

دەربارەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کورد و تورکیاش بەڕێزی بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو:

« هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردووەوە کێشەی کورد، کێشەی سەرەکی حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی تورکیایە، هەربۆیە هەوڵیانداوە ناسنامەی کورد لەو وڵاتە بتوێننەوە، لەو کاتەوەش کە لە ساڵی«١٩٨٤» پەکەکە ڕاگەیەنراوە، کێشەی کورد یەکێکە لە دیاریکراوەکانی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا.

تورکیا هەوڵدەدات کێشەی کورد ئیحتیوا بکات ئەمیش لە میانەی هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێی کوردستانەوە، بەڵام ئەم بارودۆخە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی «١٩٩١» گۆڕانی بەسەرهاتووە بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان بوو بە نەوای ئارام لەو کاتەوە تورکیا دەیەوێت بەبیانووی جۆراوجۆر هێرش بکاتە سەر کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی زۆر لە چاودێران وای دەبینن کە ئەنکەرە هیچ تەماحێکیان لە عێراقدا نییە، بەڵام ڕاگەیاندنی هەندێک لێدوان لەلایەن هەندێک بەرپرسی تورکیاوە، بەبیانووی پاراستنی تورکمان لەو کاتەی کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەرێمی کوردستان ئەوە نیشانەی نییەت پاکی تورکیا نییە.

بەمجۆرە دەتوانین هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەسێ خاڵدا چڕبکەینەوە:

یەکەم: ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێک بۆ دابەشکردنی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، هەربۆیە تورکیا بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە پابەندن بە یەکپارچەیی عێراق.

دووەم: بەردەوام بوون لەسەر ڕێگە چارەی ئاسایشی سەربازی بۆ لێدانی پەکەکە.

سێیەم: ئەگەری دەستێوەردانی بەبیانووی تورکمان لە دۆسێی کەرکووک

لەبەر ئەم هۆکارانە دەبێت پەیوەندی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام لە دڵەڕاوکێدایە و تورکیا لێی دەترسێت، ترسەکەش ئەوەیە کە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان کوردی توکیاش بگرێتەوە.

**بێدەنگی دەوڵەتانی عەرەب**

بێدەنگی دەوڵەتانی عەرەبی بەرامبەر کێشەی عێراق مایەی نیگەرانییە دەربارەی ئەم بێدەنگییە راشکاوانە عەلوانی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

**پرسیاری بێدەنگی عەرەبیم لێ مەکە، من پرسیارت لێدەکەم .**

عەرەب کەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا کاریگەربوون؟ ئەوان هەمووکات «مەفعول بە» بوون هەندێک جاریش «مضاف اليه» دوانزە ساڵ نەیانتوانی شەڕ لە عێراق دووربخەنەوە ماوەی چوار ساڵیشە هەڵوێستی فەرمی عەرەبی لە دەوری دەستێوەرنەدان دەخولێتەوە لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی داگیرکراوە؟ مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکاری ناکەن؟؟

لە هەمووی سەیر تر هەست بە نیگەرانی دەکەن کە لەلایەنیکی غەیرە عەرەبی دەبینی بەڵام کاریگەرە لە گۆڕەپانی عێراقیدا.

تۆ دەربارەی ڕۆڵی عەرەبی لێم دەپرسیت، منیش دەڵێم **ڕۆڵی عەرەبی لە عێراق لەوەی فەلەستین**یش **باشتر نابێت**، دەبێ «٥٠» ساڵ چاوەڕێی بکەین بۆ ئەوەی گرفتەکان کەڵەکە بکەن بەڵام چارەسەری ناکەن.

نیگەرانی ئێستای ئەمەریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە توانا ئەتۆمییەکەی ئێران نییە، بەڵکو نیگەرانیان سەبارەت بە هەموو تواناکانی ئێرانە لەسەر هەموو ئاستەکان لەم حاڵەتەدا ئێران هەڕەشەیەکی سەربازییە بۆ سەر ئەمەریکا و ئیسرائیل

عەرەب کەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا کاریگەربوون؟ ئەوان هەمووکات «مەفعول بە» بوون هەندێک جاریش «مضاف اليه»